

ئەیوب بارزانی
سازدانی: هاوڵاتی

ئەیوب بارزانی لەگەڵ ئەوەی کە کەسایەتییەکی سیاسی کوردە لەهەمانکاتیشدا بە قەڵەمێکی بڕشتو گەورە دەناسرێو بەچەندین زمان لەسەر دۆزی کورد دەنوسێت، ئەیوب بارزانی هەرچەندە ساڵانێکی دورودرێژە لەهەندەران دەژی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەئاگاییەکی سیاسی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ هەلو مەرجی ئێستای کوردستاندا دەکاتو لەگەڵ ئێشو ئازارەکانی نەتەوەکەی دەژی.

**هاوڵاتی: کێشەی کەرکوک یەکێك لە کێشەو گرفتە حەساسەکان کە بەدرێژای مێژووی دروستبونی عێراق وەك کێشەیەکی ناوخۆیی‌و ناکۆك لەنێوان پێکهاتەی ئەم شارەدا هەبووەو ئێستاش بەقوەتی خۆی ماوەتەوە، ئایا بەرای ئێوە چۆن‌و بەچ شێوەیەك ئەم کێشانە لەعێراقی تازەدا بەچارەسەر دەگەیەنرێ؟**

ئەیوب بارزانی: پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەهۆی ناکۆکی تورکیاو بەریتانیا لەسەر چارەنووسی کوردستانی باشور، رێگری تێکەوتو دواکەوت. تورکیا دەیویست ئەو بەشەی کوردستان، کە بە » ویلایەتی موسڵ ناسرابوو و بەپێی دابەشکردنی کارگێریی عوسمانی لەشارەکانی موسڵو کەرکوکو هەولێرو سلێمانی پێکهاتبوو»، بلکێنێت بەهەرێمی جەزیرەی ژێردەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەریتانیا دەیزانی بڕێکی زۆر نەوت لەکوردستاندا هەیە، سووربوو لەسەرئەوەی بەعێراقیەوە بلکێنێت. بەریتانیاو فەرەنسا بۆ ئەومەبەستە رێکخراوی « کۆمەڵی گەلان» (عصبە الامم)یان بەکارهێنا.

ئەوکات هەردوو لایەنی تورکی‌و بەریتانی ویستیان لەکورد نزیکببنەوەو بەناوی ئەوانەوە قسەبکەن  تا ئامانجەکانیان بهێننەدی. مەسەلەی زانینی ڕاوبۆچوونی گەلی کورد لەبارەی سەربەخۆییەوە، نەخرایەڕوو و باسنەکرا. بەڵکو گەلی کورد ئابڵوقەدرا بەوەی کە تەنیا گوزارشت لەڕای خۆی بکات لەسەر دوو هەڵبژاردن: یان چوونەپاڵ تورکیا، یاخود چونەپاڵ ئەو دەوڵەتە نوێیەی کە خەریکبوو درووستدەبووو بەریتانییەکان ناوی «عێراق»یان  لێنابوو. ئێستاش نەتەوە یەکگرتووەکانی میراتگری « کۆمەڵی گەلان» دێتو دەبینێت کێشەکە، ئەگەرچی لەبارودۆخێکی جیاوازدایە، بەڵام هێشتا زیندووەو هەر هەیە. بەڵام ئەمجارە «هەرێمی کوردستان» بوونی هەیە. گرفتەکەش لەوەدا چڕبووەتەوە کە کەرکوك لەدەوروبەرە سروشتییە کوردستانییەکەی جیانەکرێتەوە، یاخود بلکێنرێت بەبەغداوە، یان وەك ویلایەتێکی سەربەخۆ بهێڵرێتەوە. دووبارە هەروەك ئەوەی لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم روویدا، کە ویستو ئارەزووی داگیرکەری بەریتانی بووە هۆی دیاریکەری ئایندەی میللەتان، ئێستاش داگیرکەری دوولایەنەی « ئەمەریکی ـ بەریتانی» رۆڵێکی گەورەی هەیە لەدیاریکردن‌و نەخشاندنی ئایندەی ئەو میللەتانەی کە لەکوردستان‌و عێراقدا دەژین.
کەرکوکی دەوڵەمەند بەنەوت، کێشەیەکی ناوخۆیی نییە، وەك هەندێك کەس حەزدەکەن وایناوبنێن. کەرکوك، چەقی ململانێیەکی قورس‌و گرانە لەپێناو وزەدا. (ململانێیەکی نێودەوڵەتی: ئەمەریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا)، هەروەها (ململانێیەکی هەرێمایەتی: تورکیا، ئێران، سووریا، ئەردەن، کوەیتو شانشینی عەرەبی سعودی)، لەگەڵ (ململانێیەکی ناوخۆیی: هاوپەیمانێتییەکانی کوردو ئیئتیلافی شیعی‌و سوننی، تورکمان‌و ئاشووری‌و کلدان‌و حیزبە ئیسلامییەکان). گرنگترین شتیش لەمکاتەدا لەلای لایەنی کوردی ئەوەیە لەباسکردن‌و تاوتوێکردنی ئەم دۆزەدا، لە رەگەزی سۆزداری‌و عاتیفە دوورکەوێتەوە. رۆمانسییەت خزمەت بەدۆزێك ناکات کە پێویستی بەبوونی ئیرادەیەکی کارا هەبێت لەگۆڕەپانەکەدا، دوور لەهۆنراوەو وتاری حەماسی. جەنگ ئەو رۆژە ئەنجامەکەی یەکلانابێتەوە کە دوو سوپا بەریەك دەکەون، بەڵکو کارە پێشوەختەکانی وەك کۆکردنەوەی تواناو ئامادەکردنی میللەتان بۆ بەرگریی لەبەرژەوەندییە زیندووەکانی خۆیان، دیارییدەکات.
ئێستا پێویستە پەنابرێتە بەر چەکی دەستوورو سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی مادەی 140. هەروەها ئەنجامدانی هەڵمەتێکی راگەیاندن لەناوەوەو دەرەوەدا بۆ بەرچاو ڕوونکردنی جیهان لەبارەی ئەو پێشێلکارییە مەترسیدارەی کە هەڕەشە لەفراوانکردنی رووبەری بێسەروبەرەیی‌و ئاژاوە دەکات لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**هاوڵاتی: لاتان وانییە ناكرێ ئێمە وەك كورد بڕوانینە ئەم كێشەیەو هەموو كەموكورییەكان بدەین بەسەر شانی ئەوانی تردا ؟ یان لات وانییە سەركردایەتی كوردیش لەمەڕ ئەم كێشەیە بەرپرسیارن؟**

ئەیوب بارزانی: ڕاستە كە یەكێك لەعادەتە تێكدەرو وێرانكەرەكانی ئێمە بریتییە لەوەی سەرزەنشتی كەسانی دیكە دەكەین‌و خەتاكە دەخەینە ئەستۆی ئەوان، خۆمان‌و بەرپرسیارێتی خۆمان لەبەردەوامیی ناسۆرەكانماندا لەبیردەكەین. جا لەبەرئەوەی ئێمە خاوەنی دۆزەكەین، ئەوا شتێكی بەڵگەنەویستە بەرپرسیارێتییە مێژووییەكە یەكەمجار دەكەوێتە ئەستۆی خۆمان، ئێمەی ڕۆڵەی وڵاتەكە.
لەكەركوك، حیزب حزووری هەیە، ئەم حزوورەش: «پارتی‌و یەكێتی»، چوونە ناو ململانێیەكەوە لەپێناو هەژموونی لەشارەكەدا، دەستگرتن بەسەر پارچە زەوییەكانداو دابەشكردنی‌و ئەو مەحسوبییەت‌و مەنسووبییەت‌و گەندەڵییە داراییە دیارەی كە هەیە. سەركردەكانی ئەو دوو حیزبە لەزروفی ئێستای كەركوكدا، نەیانتوانی لەوە تێبگەن كە هەر هەژموونێك كە حیزبێك دژ بەوی دیكە بەدەستیبهێنێت، تەنیا دەبێتەهۆی لەدەستدانی دۆزە بنەڕەتییەكە. ململانێی دیموكراتییانەی شەریفانە ئەوەیە كە خزمەت بەدۆزی گەلی كورد بكات‌و دەستەبەری ئایندەی بێت. بەڵام دوو حیزبە دەسەڵاتدارەكە، بەداخەوە ئەوەیان پێ هەرس نەكرا، ڕاست نییە لەگەڵ دانیشتووانی شاری كەركوكدا وەها مامەڵە بكەیت، كە لەگەڵ دانیشتووانی شارە كوردییەكانی دیكەی ژێر دەسەڵاتی حیزبییەوە دەیكەیت. مەترسیدارترین شتێك لەسیاسەتدا ئەوەیە كە وڵات ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، دەستەی دەسەڵاتدار وەها كار لەگەڵ سیاسەتدا دەكەن ئامانج لێی پارەپەیداكردنە، واتە كردنی سیاسەت بەهۆكارێك بۆ دەوڵەمەندبوون، ئەوكات بێگومان تەنیا لەدەستدانی وڵات ئەنجامەكەی دەبێت.
باڵانسی مەعنەوییانەی دەستەی دەسەڵاتدار، یاخود كەسایەتی سەرەكیی دەستەی دەسەڵاتدار، زۆر گرنگە، لەوڵاتە پێشكەوتووەكاندا، كاتێك سەرۆك، یان سەرۆك وەزیر بەبابەتگەلی گەندەڵی دارایی یان بەشكاندنی یاسا، تۆمەتبار دەكرێت، دەست لەكاردەكێشێتەوەو دووردەكەوێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو بەكەڵكی ئەوە نایەت نوێنەرایەتی گەلەكەی بكات‌و بەرگریی لەدۆزە چارەنووسسازەكانیدا بكات. ئەمە خاڵێكی لاوازە لەلایەنی كوردی لەدامودەزگا نێودەوڵەتی‌و هەرێمایەتی‌و ناوچەییەكاندا.

سەركردەكانی ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە، لەسیاسەتی تەوافوقدا نغرۆبوون، ئەم سیاسەتە لەوڵاتێكی وەك لوبناندا جێبەجێدەكرێت، لەنێوان تایەفە جیاوازو ململانێكەرەكاندا، بەڵام لەكوردستاندا، ئەم سیاسەتە لێدانێكی گورجگبڕبوو لەژیانی دیموكراتی‌و داخستنی دەروازەكانی گۆڕان لەكۆمەڵگەیەكدا كە پێویستییەكانی بۆ كرانەوەو پێشكەوتن‌و شەفافییەت، ڕوولەزیادبوونە. ئەم سیاسەتە بەئامانجی لەباربردنی كۆمەڵگەی كوردییە لەپێگەیاندنی هێزە دینامیكییە باڵابووەكاندا.
دانیشتووانی كەركوك درك بەو مەترسییانە دەكەن كە چاوەڕێی شارەكەیان‌و ناسنامەكەی‌و ئایندەی دەكات. ئەو شارە بۆ چەند دەیەیەك ئامانجێك بوو بۆ سیاسەتێكی ڕێكخراوی وێرانكردن‌و خاپووركردن لەلایەن حكومەتەوەو پاكتاوی ڕەگەزییانەو سیاسەتی بەعەرەبكردن. ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان لەئیدارەی كوردی دەكرد لەدەوروخولی حیزبایەتی دووركەوێتەوەو ئاستی خزمەتگوزاریی بەرژەوەندییە ستراتیژییە باڵاكانی نەتەوە بەرزبكاتەوە، تا ڕێزو ئیحتیرامی هەموو دانیشتووانی كەركوك لەنەتەوەو تایەفە ئاینیی‌و ڕەگەزییە جیاوازەكان بۆخۆیان دەستەبەربكەن. بەڵام وادیارە عەقڵییەتی حیزبی ڕێگەنادات بەدەرچوون لەچوارچێوە تەسكەكەی، لەبەرئەوەی بەریەككەوتن ڕوودەدات لەگەڵ دەستەی هەڵبژێرراوی دەسەڵاتداری ئێستا، كە هەموو شتێك لەپێناو مانەوەی هەمیشەیی لەكورسی فەرمانڕەواییدا دەكات. حیزب ڕۆڵی عەشیرەت دەبینێت لەكۆمەڵگەی ئێستای كورددا، بەسەیركردنێكی پشكنەرانەی ڕابوردووی فەرماندەیی دوو حیزبەكە، بەبێهێشتنەوەی هیچ گومانێك تواناو دوو دڵنەبوونیانمان بۆ دەردەخات لەچوونە ناو هەر هاوپەیمانییەكدا لەگەڵ هەرەدڕندەترین دوژمندا، بۆ لێدانی هاوبەرابەركێ كوردییەكەی دیكە. ئەمە لەجیاتی لەیەكگەیشتن‌و دەرخستنی گیانی وتووێژی دیموكراتییانە. بێگومان كەمیی متمانەی میللەت بەسەركردایەتی كورد لەئەنجامی ڕابردووو ئێستایدا، هۆكارێكی گەورەی لاوازیی بوو لەململانێكەی ئێستادا لەسەر شاری كەركوكی كورد، لەبەرانبەر لایەنەكانی دیكە كە دەیانەوێت كەركوك، لەكوردستان دووربخەنەوەو جیایبكەنەوە.

**هاوڵاتی: بەڕای ئێوە كورد لەم قوناغەیدا چۆن بڕوانێتە پێكهاتەكانی تری ئەم شارە؟**

ئەیوب بارزانی: پێموایە هەلێكی گرنگ بوو تا كوردەكان بیسەلمێنن بۆ دانیشتووانە كریستانییەكان‌و عەرەب‌و توركمانەكان كە لەكەركوك دەژین، كە ئەوان (كوردەكان) لەمامەڵەكردنیاندا لەگەڵ ئەم نەتەوانەدا شارستانیترو مرۆڤانەترن لەمامەڵەی حكومەتی ئەو دەوڵەتانەی كە كوردستانیان دابەشكردووەو سیاسەتی ڕەگەزپەرستی لەگەڵ نەتەوەی كورددا بەكاردەهێنن. هەلێك بوو كە دەمانتوانی خۆمان جیابكەینەوە لەوشێوازە بەربڵاوەی ئێستا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەن داگیركەران‌و دەسەڵاتدارە ستەمكارەكانەوە جێبەجێدەكرێت، ئەو دەسەڵاتدارانەی حوكمی كوردستانیان كردووەو داگیریانكردووە، نەك هەر بەقسە بەڵكو بەكردار، بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕوونەدا! ئەوە، بەهەڵەیەكی ستراتیژی گەورە دادەنێم كە بەشێوەیەكی گشتی لەمیسداقییەتی

کوردی کەمکردەوە.

**هاوڵاتی: بوونی هێزەکان ئەمریکا بەرای ئێوە بەقازانجی کوردە یان نا؟ یان لاتان وانییە کە ئەمریکاییەکان بەهۆی هەڵەو زوعفی سەرکردە کوردەکان  لەگەڵێك هەڵویستی خۆیان سەبارەت بە دۆزی کورد پەشیمان بونەتەوە؟**

ئەیوب بارزانی: عەقڵییەتی حیزبیی سەرکردە کوردەکان، لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئیدارەی ئەمەریکیشدا رەنگیدابوویەوە، ئەمەریکییەکان هەست بەگرنگیی بەرژوەندییە بنەماڵەییەکان دەکەن لای سەرکردە کوردەکان، ئالێرەشەوە ئەم خاڵی لاوازییە دەقۆزنەوە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی کاری خۆیان، ئەوان دەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسەکانی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکاندا تەنیا تەنیا، بکەن‌و رایانکێشن بەلای خۆیاندا. لەمەشدا ئەمەریکییەکان سەرزەنشت ناکرێن، لەبەرئەوەی ئەوان بەرژوەندیی جیۆستراتیژیی خۆیان هەیەو ئامانجیش لەداگیرکاریی بریتییە لەهەژموونکردن بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا لەجیهاندا. ئەمەش بریتییە لەلۆژیکی ئیمپراتۆرییەتەکان. سەرکردایەتی کورد لەرابردوودا بەنەزانی لەگەمە دبلۆماسییەکانداو کەمیی ئەزموونی لەسیاسەتی جیهانیدا ناوبانگی دەرکرد. هەریەك لە» ئەرك رۆلۆی فەرەنسی‌و جۆناسان راندڵی ئەمەریکی‌وولیام ئەندرسۆن‌وگاریس ستانفێڵد» ئاماژەیان بەم خاڵە کردووە. ئەمانە ئاگاداری ئەوەبوون کە روویدەداو روویداوە لەرابردوودا هاوسۆزی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردبوون. بەپێی زانیاریی ئێمە هیچ گرەنتییەکی ئەمەریکی نووسراو بۆ کوردنییە. سەرکردایەتی ئێستا بەشێکی دانەبڕاوە لەسەرکردایەتی کۆن کە لەماوەی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەسیاسەتی ئەمەریکی تێنەگەیشت. هەمان ئەو سەرکردایەتییەشە کە نەیزانی چۆن خۆی بپارێزێت لەکەوتنەناو «گەمەی گۆڕانە نێودەوڵەتیی‌و هەرێمایەتییەکان»و نەیزانی چۆن مامەڵە نە لەگەڵ شای ئێران‌و نە لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات. تائێستاش لۆژیکی هۆزایەتی‌و عەشیرەتی، دەستی بەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەدا گرتووە، گەلی کورد پێویستییەکی زۆری بەنوێکردنەوەی عەقڵییەتی سەرکردەکانی هەیەو پێویستی بەچوونە ناو سەردەمێکی نوێوە هەیە بەنەوەیەکی تێکنەدراو بەعەقڵییەتی هۆزایەتیی بۆماوەیی کە دەمێکە سەردەمی بەسەرچووە، بەردەوام کارەساتگەلی بۆ ئەم گەلە هەرەشەلێکراوە هێناوە.

**هاوڵاتی: جگە لە پارتی‌و یەکێتی گەلێك پارتیتر لە ساحەکەدا هەن، بەلاَم ئەوەی زیاتر دەبینری ئەوان کەمتر لەو بارەوە پرسیان پێدەکرێ، ئایا هەق نەبوو جەماوەرو ئەوانیش لەسەر هەڵەو کەموکورتییەکانی سەرکردایەتی هەڵوێستیان هەبوایە؟**

ئەیوب بارزانی: حیزبە بچووکەکان کەبەشدارییی بە » ناو» یان هەیە لەئیدارەکەی ئێستادا لەگەڵ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، کەمێك خاوەن قورساییەکن لەهاوکێشەکەی تایبەت بەکەرکوکدا، هەموو لایەك دەزانن ئەم حیزبانە هەڕەشەی بڕینی ئەو یارمەتیی « خێر»ەیان لێدەکرێت کەدەیاندرێتێ ئەگەر ئەو رێنماییانە جێبەجێنەکەن کە لەسەرکردایەتی کوردییەوە دەردەچێت. لۆژیکی هۆزایەتی سەرکردایەتی کورد تائێستاش پەیوەستە بەبیرۆکەی «پاڵەوانی رزگارکەر»ەوە کە کەرکوك دەگێڕێتەوە بۆ نیشتمانی دایك. ململانێیەکی تیژ هەیە لەم بوارەدا، کە کێ «پاڵەوان»ی داهاتووە؟ ناکرێت رۆڵی «پاڵەوانی رزگارکەر» بەکەسانی دیکە بدرێت، ئەم رۆڵە قۆرخکراوە بۆ چەند کەسێکی دیاریکراوی ناو بازنەی خانەوادەی دەسەڵاتدار، جەماوەرەکەش، کە کەلتوری گوێڕایەڵی‌و تەسلیمبوونی لەسەردەمی بەعسەوە بەسەردا سەپێنراوە، سەرکردایەتی ئێستای کوردیش درێژەی بەهەمان کەلتوری «تەسلیمبوون»داوە، ئەم جەماوەرە دەبێت ناوی بزڕێنرێت‌و رەگی وشکبکرێت لەکۆمەڵگەی ئێستاماندا.

سەکردایەتی حیزبی داوا لەجەماوەر دەکات خۆپیشاندان بکەن لەپێناو کەرکوکدا،  بەڵام خۆپیشاندەران لەدڵی خۆیاندا حەزدەکەن بچنە سەرشەقامەکان‌و دژایەتی خۆیان بۆ گەندەڵی تەشەنەکردووو درێژخایەنی ناو دڵی سەرکردایەتی کوردو دیکتاتۆرییەکەی دەرببڕن، ئەمە لەگەڵ بەرگرییکردن لەکوردبوونی شاری کەرکوك.
بەڵام سەرکردایەتی حیزبیی رۆڵی جەماوەری کورد لەخۆپیشاندانادا بەپێی ئەوەی کە سەرکردایەتی دیاریکردووە، دەستنیشاندەکات.واتە جەماوەر  هیچ رۆڵێکی نییە جگە لەجێبەجێکردنی فەرمانی دەسەڵات. ئیفلیجبوونێك لەبزاوتی جەماوەری کوردو پەراوێزخستنی رۆڵی ئەم جەماوەرە لەدۆزی دیموکراتی‌و ئازادییە گشتییەکان‌و مافە سیاسییەکاندا هەیە، بەڵام هەرئەوەندەی دەسەڵاتی ئێستا پێویستی بەم جەماوەرە هەبێت لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ بەغدا، خێرا پەنادەباتە بەر ئامادەکردنی جەماوەر لەخۆپیشاندانادا بۆ داواکردنی جێبەجێکردنی مادەی **140**ی تایبەت بەکەرکوك. ئالێرەدا رەگەزی دوو روویی زاڵبوو بەسەر مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ گەلی کورددا، دەبینین.

فەرەیدون ئەحمەد کردوویەتی بەکوردی

2008 ,04Thursday, September